# وەرزشی کچان پەراوێز خراوە

**یاریزانی تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی عێراق:**

دێرین مەحمود

**شاری کەرکووک لە مێژووی شارەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە یاری تۆپی پێی ئاستی کوڕان، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە یانەکانی ئەو شارە بە جۆرێکی دیکەیەو لە ئاستی کچانیش گرنگییەکی زۆر بە تواناکانی کچە یاریزانەکان دەدەن بۆ ئەوەی بیانکەنە باشترین یاریزانان و لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا جێگای دەستیان دیاربێت، یەکێک لەم کچە یاریزانانەش دێرین مەحمود ـی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩ی شاری کەرکووکەو کچە یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی گازی باکوور و هەڵبژاردەی کچانی عێراقە کە خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنەو بە میسی ناوی دەرکردووە، ئێستاش لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق درێژە بەکاروانی وەرزشیی خۆی دەدات، ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ئاستی یاری تۆپی پێی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-ئاستی یاریی تۆپی پێ بە شێوەیەکی زۆر باش دەبینم و هیوادارم پەرەی زیاتری پێ بدرێت لەسەرجەم شارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر کێبڕکێ هەبێت لە نێوان تیپەکان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بێگومان نەکردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یاریزانان، بەڵام ئەمساڵ لە چاو ساڵانی تر خولەکان باش بەڕێوەدەچێت، بەهیوای ئەوەم باشتریش بێت، چونکە لە یانەکان یاریزانی زۆر ئاست بەرزمان هەیە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاری تۆپی پێی بەرز ببێتەوە؟**

-کردنەوەی خولی بەردەوام و فەرامۆش نەکردنی یاریزانان و تیپەکان و دابینکردنی لایەنی ماددی و پێداویستیی وەرزشی ئەوانە زۆر گرنگن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر بچێتە قۆناخێکی نوێتر، فێرگەی تایبەت بە ئاستەکانی تەمەنیش ئەوانە هەمووی هۆکارن بۆ پێشخستنی ئەم یارییە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

-هەمـوو تیپێـك بەپێی پێویسـت گرفتی خـۆی هەیە، نەبوونـی یاریـگای تایبـەت و لایەنـی مـاددی ئەوانـە هەمووی گرفتن بۆ یانەکان و یاریزانان.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-گرێبەسـتم لەگـەڵ یانـەی گازی باکـوور پێشـکەش کراوەو سـوپاس بۆ خودای گەورە خۆم لە باشـترین ئاست دەبینم، یانەکەشم یەکێك لە یانە هەرە بەتواناکانی عێراق و کوردستانە پێداویستییەکانمان بۆ دابین کراوە.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردسـتان پشـت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-لە یاری تۆپی پێی فوتساڵ نەخێر، چونکە من تەنیا لـە یاریگای گـەورە یاری دەکەم، بـەڵام بۆ ١١یاریزانی پێم باشـە، چونکـە بـە راسـتی یاریزانـی ئێمـە توانـای یاریزانانی دەرەوەیان نییە لە رووی هێزی جەستەییەوە .

*** لـە خێزانەکـەت بـە تەنیا وەرزشـوانی، یان کەسـانی دیکەش هەن؟**

-لە خێزانەکەم من و برایەکەم وەرزشـوانین و پشـتگیری خانەوادەکەمان زۆر باشە بۆ ئێمە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-من هیچ داواکارییەکم بۆیان نییە، چونکە بەرپرسانی وەرزشی وەرزشی کچانیان پەراوێز خستووەو تا پێیان بڵێت ئـەوان گوێت پـێ نـادەن بە تایبەتـی وەرزشـوانی کچان بۆیـە خـۆم هیـلاك ناکەم بە قسـەکردن لەگەڵیـان، خۆم هەوڵبدەم باشترە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەدڵنیاییەوە لە هەر سـێ ئاسـتی تازەپێگەیشـتووان و لاوان و یەکەمـی هەڵبژاردەکـەش داواکـراوم، سـوپاس بۆ خوای گەورە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق ئاسـتم باشـەو یاریزانی سەرەکی تیپەکەشم.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزان چییە؟**

-خەونی وەرزشیم ئەوەیە ببم بە باشترین یاریزانی عێراق و کوردسـتان، خەوەنی من ئەوەیە سـەری دایك و باوکم و خێزانەکەم بەرزبکەمەوە بە وەرزشکردنم و یاریکردنم کە زۆر ئەسـتەکە کچـان بتوانن بەشـداری ئەم یارییە بکەن، بەتایبەتی یاری تۆپی پێ.

*** بەکام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

-بـە ئەنێسـتای یاریزانـی ئیسـپانی، چونکە هیـچ یاریزانێـك ناتوانێ ئەو عەقڵە و بیری ئەو بەکار بێنێت، جگە لەوەش میسی یاریزانێکی بەتوانایـە، مـن خۆیشـم بـە میسـی ناسراوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-دەمەوێ دەستخۆشی لە دایك و باوك و براکانم بکەن کە یاریمەتیدەرم بوون بۆ ئەوەی بتوانم ئاوات و خەونەکانم بەدەسـت بهێنم، سوپاسـی مامۆسـتاکەم دلاران دەکەم کە لەگەڵـم زۆر مانـدوو بـووە، هەروەهـا مامۆسـتا قاسـمی راهێنـەری یانەکـەم، سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گوڵانیـش کـەوا بـەردەوام خزمەتـی وەرزشکاران دەکات.





دیمانە: کارزان کانەبی

# ڕۆناڵدینیۆ: لە دوای مێسی و نێیمار گابرێل خیسۆس دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان




ڕۆناڵدینیۆی کاوچیۆی بەرازیلی و ئەستێرەی پێشووی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی پێی وایە گابرێل خیسۆسی هاونیشتیمانی و ئەستێرەی نوێی یانەی مان سیتی ئینگلیزی لە داهاتوودا دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان. گابرێل خیسۆس لە گواستنەوەی زستانەدا پەیوەندی بە یانەی مانچستەر سیتییەوە کرد و تاکوو ئێستا لە سێ یارییدا سێ گۆڵی کردووە و یەک گۆڵیشی دروست کردووە. لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی میرەری بەریتانی، ڕۆناڵدینیۆ گوتی: مانچستەر سیتی یاریزانێکی زۆر نایابی هەیە ئەویش گابرێل خیسۆسە، پێ دەچێت لە داهاتوودا ببێتە باشترین یاریزانی جیهان.

گوتیشی: لە ئێستادا مێسی باشترین یاریزانی جیهانە، لە دوای مێسی پێم وابێت نێیمار دەبێت باشترین، بەڵام لە داهاتوودا گابرێل خیسۆس شوێنی ئەو دوو یاریزانە ئەگرێتەوە و دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان.




## یاریگای یاریی کۆتایی ج

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بەفەرمی ڕایگەیاند، کە یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە نێوان یانەی بەرشلۆنە و دیبۆرتیڤۆ ئەلاڤێس لە یاریگای لیسێنتی کالدیرۆنی تایبەت بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەنجام دەدرێت.

هەمووساڵێک یەکێتی تپی پێی ئیسپانیا لەسەرەتاوە یاریگای یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئاشکرا ناکات، تاکوو ئەو کاتەی دوو یانە دەگەنە یاریی کۆتایی.
یانەی بەرشلۆنە داوای لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا کرد، کە یاریی کۆتایی لە یاریگای سانتیاگۆ بیرنابیۆی



## مۆرینهۆ لە ئیتاڵیا شوێنگرەوەی ئیبرای دیاریکردووە

بەپێی راپۆرتە هەواڵییەکانی ئیتاڵیا، خۆسێ مۆرینهۆ راهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد، ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی لە میرکاتۆی هاوینەدا گرێبەست پێشکەش ئەندریا بێلۆتی هێرشبەری یانەی تۆرینۆ بکات.

هاوینی رابردوو مۆرینهۆ گرێبەستی لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بۆ ماوەی تەنها یەک ساڵ واژۆکرد، بەڵام سەرەڕای ئەو ئاستە بەرزەی ئەفسانە سویدییەکە پێشکەشی دەکات، بەڵام پێناچێت وەرزی داهاتوو لە ئۆڵد ترافۆرد بمێنێت.

ماڵپەڕی تۆتۆ میرکاتۆ ئاماژە بەوە دەکات، مان یونایتد لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بەردەوام چاودێرەکانی ناردووە بۆ تۆرینۆ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بێلۆتی تەمەن ٢٣ ساڵ ببینن و دەیانەوێت بیکەنە شوێنگرەوەی ئیبرا.

بێلۆتی لەم وەرزەدا ئاستێکی نایاب لەگەڵ تۆرینۆ پێشکەش دەکات و کێبڕکێی هیگواین و ئیدین زیکۆ دەکات بۆ خەلاتی گۆڵکاری کالچیۆ و تا ئێستا ١٧ گۆڵی هەیە.



## ـــــامی شای ئیسپانیا دیاریکرا

تایبەت بە یانەی ریاڵ مەدرید بکرێت، بەڵام یانەی ریاڵ رەتیکردەوە بەهۆی بوونی کار لە دوای تەواو بوونی خولی پلە یەکی ئیسپانی.

بەڵام یانەی ئەلاڤێس داوای کرد، کە یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە یاریگای سان مامێسی سەر بە یانەی ئەتلەتیک بیلباو بکرێت، چونکە نزیکە لە شاری ڤیتۆریاوە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ئەو داوای رەتکردەوە.

لە یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا رۆژی ٢٧ - ٥ - ٢٠١٧ لە یاریگای ڤیسێنتی کالدیرۆن لە نێوان بەرشلۆنە و ئەلاڤێس رووبەڕووی یەکتردەبنەوە.

## کچانی ئەفرۆدێت بە دوای یانەیەکی دیکەدا دەگەڕێن

هەر چەندە کچانی یانەی ئەفرۆدیتی شاری سلێمانی لە یاری فوتساڵ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە بەردەوام لە خزمەت یارییەکانی تۆپی فوتساڵی یانەکەیان بوون و چەندین ئەنجامی شایستەیان بۆ یانەکەیان دەستەبەر کردووە لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق و چەندین کچە یاریزانیشی بۆ هەڵبژاردەی عێراق داواکراون، بەڵام داوجار بەهۆی گرفتەکانیان لەگەڵ ئیدارەی یانەکە یاریزانان و ڕاهێنەرەکەیان بڕیاری وازهێنان دا لە یانەکە، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوە بڕیاری یاریزانانی یانەکەمانە کە ریزی تیپەکەیان جێهیشتووە، بەهۆی گرفتەکان و چارەسەرنەکردنی گرفتەکان، بۆیە ئێستا یاریزانەکان داوایان لەمنیش کردووە کە ریزی تیپەکە جێ بهێڵم، بۆیە منیش تیپەکەم جێهێشتووە، ئێستاش بەردەوامین لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانمان تاوەکو یانەیەکی دیکە دەدۆزینەوە، تا لەگەڵ مەرجەکانی ئێمە بگونجێت، پێوەندی بە یەکێک لە تیپەکان دەکەین، بەڵام تا ئێستا بڕیارمان لەسەر هیچ یانەیەك نەداوە.»



## کۆسرەت بایز لاپەڕەیەکی سپی هەڵدەداتەوە

ماوەیەك بەر لە کۆسرەت باییز یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و ئێستای یانەی شورتە بەهۆی گرفتەکانی لەگەڵ ڕاهێنەری میسری یانەی شورتە کە کێشەی لەگەڵ هەردوو یاریزانان میران خەسرۆ و کۆسرەت بایز هەبوو بەهۆی ئەنجامی تیپەکانیان لە یارییەکانی خولی عێراقی، بەڵام دوای ماوەیەك لە گەڕانەوەیان بۆ شاری هەولێرو یاریکردن لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان کۆسرەت جارێکی دی پێوەندی کردەوە بە یانەی شورتە، لەم بارەشەوە کۆسرەت باییز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا بە فەرمی گەڕامەتەوە ریزی یانەی شورتە لە وڵاتی لوبنان پێوەندیم بە تیپەکەوە کردووەو قسەم لەگەڵ ڕاهێنەری یانەکەش کردووە، ئەو بەمنی گوتووە کەوا بەفەرمی لاپەڕەیەکی سپی لە نێوان هەردوو لامان دەکەینەوە، ئەوەی ڕوویداوە کۆتایی هاتووە، بۆیە منیش بەفەرمی پێوەندیم بە تیپەکە کردۆتەوە، تاکو ئێستا کە گەڕاومەتەوە هیچ قسەیەکیان نەکردووەو بەردەوامم لە مەشقەکانی تیپەکە، بە ڕۆحیەتێکی ترەوە دەستم بە مەشقەکان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانم ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە و بتوانم لە ئەنجامی باشی تیپەکە ڕۆڵم هەبێت.



# ئەرپاک وریا وازی هێنا



لەگەڵ ئەوەی ئارپاك وریا چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێنابوو لەگەڵ یانەکان و هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەهۆی سزادانی لەلایەن یەکێتی شەترەنجی عێراقەوە بەهۆی یاریکردنی لەگەڵ یاریزانێکی ئیسرائیلی لە یەکێك لە پاڵەوانییەکانی دەرەوەی عێراق، سزا درا، بەهۆی چارەسەر نەکردنی گرفتەکانی ئەرپاك بڕیاری دا کەوا چیتر یاری شەترەنج ئەنجام نەدات و کاتی خۆی بۆ کوڕە یاریزانەکەی تەرخان بکات وەکو راهێنەر، لەم بارەشەوە ئەرپاك وریا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی سزاکەم تەواو بووە، بەڵام یەکێتی شەترەنجی عێراقی هەر دەڵێن داوای لێبووردن بکە، بۆیە منیش ئەو داوایەی ئەوانم رەتکردۆتەوە، چونکە من شەترەنج دەکەم و شەترەنجم خۆشدەوێ، ئەوان شەترەنجیان خۆش ناوێ، هەر چەندە بەرپرسی وەرزشیشین، من توانیم سەرکەوتوو بم لە وەرزشەکە، بەڵام ئەوان شکستیان هێنا، بۆیە خۆیان لە ئیدارە هەڵقوتاندووە، منیش ئەو داوایەی ئەوانم رەتکردۆتەوە، ئێستاش من بە تەواوی دوورکەوتوومەتەوە لە وەرزشی شەترەنج، تەنیا ئەوە نەبێت کە بوومەتە راهێنەری کوڕەکەم و خەریکی مەشقدانەوەی ئەوەم، ئێستا بارودۆخی داراییم باش نییە، ئەگەرنا هەوڵم دەدا فێرگەیەك بکەمەوەو هەر کاتێکیش هەر دەزگایەك هەبێت هاوکاریم بکات، فێرگەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان دەکەمەوە لە کوردستان.» گوتیشی: «هەتاکو ئەوانە لەسەر حوکم بن لە وەرزش، من ناگەرێمەوە سەر یاریکردن کە ماوەیەکی زۆر یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بووم، چونکە ئەوان وەرزشیان کوشت، بۆیە بڕیاری وازهێنانم بە باش زانی و ئەم بڕیارەشم داوە.»